Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# هونەری ڕێککەوتن...
# چۆن لە دۆناڵد ترەمپ تێبگەین؟

د. ئاکۆ حمەکریم

Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park
www.visionfoundationiq.org
+964 772 330 0005

بۆ تێگەیشتن و پێشبینیکردنی بڕیار و سیاسەت و فەلسەفەی هەر سەرکردەیەک، پێویستە سەرەتا لە کەسایەتی و بیرکردنەوە و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی تێبگەین، بەڵام دۆناڵد ترەمپ سەرکردەیەکی سیاسی تەقلیدی نییە، بەڵکو ئەو بزنسمان و پێشکەشکار و براندێکی جیهانییە و یەکێکە لەو کەسایەتییانەی کە زۆرترین مشتومڕی لەناوخۆی ئەمریکا و جیهاندا دروستکردووە.
ترمپ یەکێکە لەو سەرکردانەی کە لەجیهاندا زۆرترین مشتومڕی بە لێدوان و قسە و پۆستەکانی دروستکردووە و وێنایەکی وای پیشانداوە کە نارِوونە و نا توانرێت لێ تێبگەیت. بۆیە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی چەمکێک بۆ سیاسەتی و رێباز و بنەماکانی ترەمپ بەکاردێت کە پێشبینی نەکراوە (Unpredictability)، بەو مانایەی سەر بە رێباز و قوتابخانەی هزرییە کلاسیکییەکان نییە و ناتوانیت لە چوارچێوەی تیۆرییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لێکدانەوە بۆ سیاسەتەکانی بکەیت.
لەگەڵ ئەوانەشدا دەتوانین لە ترەمب تێبگەین، رەنگە باشترین رێگە بۆ تێگەیشتن لە ترەمپ کتێبەکەی بێت بەناوی هونەری رێککەوتن (The Art Of Deal) کە بە هاوبەشی لەگەڵ تۆنی شوارتز نوسراوە و لە ساڵی 1987 بڵاوکراوەتەوە و یەکێکە بووە لە پرفرۆشترین کتێبەکان. پێشئەوەی باسی کتێبەکەی بکەین بە پێویستی دەزانم باسێکی فیلمی شاگردەکە یان راهێنراوەکە (The Apprentice) کە لە ئۆکتۆبەری ساڵی 2024 بڵاوکراوەتەوە و باس لەسەردەمی لاوێتی دۆناڵد ترەمپ دەکات و لەلایەن عەلی عەباسی کە بەرەگەز ئێرانییە دەرهێنراوە و وەک خۆی دەڵێت فلیمەکە لە رووداوە راستەقینەوە وەرگیراوە.
ترەمپ لە فلیمەکەدا کە باسی ساڵانی حەفتاکان دەکات وەک گەنجێکی بەتەماحی هەڵپەکەرە دەردەکەوێت و دەیەوێت بەزووترین کات بگاتە لوتکەی دەوڵەمەندی لە نیویۆرک و چاوی بە (رۆی کۆهین) دەکەوێت کە پارێزارێکی لێزانی دڵرەقی بێبەزییە، ترەمپی بەدڵ دەبێت و دەستی دەگرێت و فێری نهێنییەکانی سەرکەوتنی دەکات، کۆهین سێ یاسا بە ترەمپ دەڵێت و ئەویش لەگوێ دەگرێت و دەیکات بە بەرنامە و یاسای خۆی.

## سێ یاسا کە ترەمپ لەژیانی واقعی خۆیدا جێبەجێ کردووە بریتین لە:

یەکەم/ بەردەوام هێرش بکە: هێرش بکە، هێرش بکە، هێرش بکە؛ بۆ سەر نەیار و کێبڕکێکارەکانت بۆ ئەوەی بەردەوام لە دۆخی بەرگریدا بن و نەتوانن هێرش بکەنە سەرت. ئەم تەکنیکە یەکێکە لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ترەمپ کە لە کەمپینەکانی هەڵبژاردن لەدژی هێلاری کلینتۆن و جۆ بایدن و کامالا هاریس بەکاردەهێنا، بەردەوام هێرشی دەکردە سەریان و بەکەسانی نەزان و بێ مستەوا و بێ بەرنامە و درۆزن وەسفی دەکردن.

دووەم/ هەرگیز دانمەنێ بەهەڵەدا: دان بە هیچ شتێکدا مەنێ، ئینکاری هەموو شتێک بکە. ترەمپ بەردەوام کە رووبەڕووی رەخنە و کەمکورتی دەبێتەوە بەردەوام ئینکاری لێ دەکات، دەیان جار رووبەڕووی دادگا و لێپێچنەوە کرا هەرگیز نەیوت هەڵەم.

سێهەم/ بەردەوام خۆت بەسەرکەوتوو پیشانبدە تەنانەت ئەگەر دۆڕاویش بیت: لە سەردەمی قەیرانی پەتای کۆڤید-١٩دا، ترەمپ رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر بووەوە، بەڵام خۆی بەسەرکەوتوو نیشان دەدا. باشترین نموونە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی 2020 دوای دۆڕانی بەرامبەر جۆ بایدن، ترەمپ وتی من بردوومەتەوە و بە و ساختەکاریم لێکرا.

ئەم سێ یاسایە بەشێوازێکی جیاواز و وردتر ترەمپ لە کتێبەکەی (هونەری رێککەوتن) باسی دەکات، کە چەندین بنەما و یاسا دادەنێت بۆ ئەنجامدانی سەفقەیەکی سەرکەوتوو، کە خۆی هەم لە بزنس هەم لە سیاسەت بەکاری دەهێنێت و زۆرێک لەو بنەمایانەی کە لە کتێبەکەیدا باسی کردووە، لە کۆشکی سپی چ لە سیاسەتی ناوخۆیی و چ لە سیاسەتی دەرەوەیدا، جێبەجێ کردووە

## بەگشتی دەتوانین چەند بنەمایەک لە شێوازی کاری ترەمپ دیاری بکەین:

1. باشترین ئۆفەر

ترەمپ جەخت لەسەر گرنگی دانوستانی بەهێز و توند دەکاتەوە، پێیوایە دەبێت هەر لەسەرەتاوە بتوانیت ئۆفەرێکی بەهێز پێشکەش بکەیت کەناوی دەنێت "باشترین ئۆفەر"، ئەگەر ئۆفەر بەرامبەریشت بەدڵ نەبوو ئەوا لێ دووربکەوە. لە دانوستاندن لەسەر نافتا (NAFTA) ترەمپ توانی رێککەوتنی بازرگانی ئازادی ئەمریکای باکوور (نافتا) لە بەرژەوەندی ئەمریکادا ئەنجامبدات.

ترەمب دەیەوێت سەرکەوتنی خێرا و رێککەوتنی خێرا بەدەستبهێنێت، ئەو نایەوێت شەش مانگ بە توێژینەوەکانەوە بەسەر ببات و بەلایەوە گرنگ نییە مێژووی کێشەکان بزانێت و کاریگەرییەکانیان لە 10 ساڵی داهاتو بزانێت، ئەو ئەم رووداوانە وەك رێککەوتن و ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەبینێت، غەزە و مەلەفی ئەتۆمی ئێران وەك ئاڵوگۆڕی بازرگانی تەماشا دەکات. کەسانی نزیك و چواردەوریشی هەر کەسانی بازرگان و بزنسمانن کە ئەوانیش هەر رێککەوتن و مامەڵە و دانوستان و رێککەوتنی بازرگانی دەکەن.

2. سەرکەوتن بەهەر نرخێک

بیرکردنەوەی ترەمپ بیرکردنەوەیەکی میکیاڤیلییانە، هەموو ئامرازێک بەکاربهێنە لەپێناو سەرکەوتن، گرنگ نییە ئامرازەکان یاسای و شەرعییە یان. ترەمپ سەرکەوتنی دەوێت بەهەر نرخێک بێت WIN-AT-ALL-COSTS .

ترەمپ یەکێکە لەو کەسایەتییانەی دۆڕان رەت دەکاتەوە و بەردەوام دەیەوێت براوە بێت، لە هەر دۆخێکیشدا هەست بکات بەرەو دۆڕان دەڕوات هەرگیز دان بە شکست و هەڵەکانیدا نانێت و هەر رێککەوتنێکیش لە دۆخی دۆڕاندا ئەنجام بدات بەشێوەیەك دەریدەخات کە سەرکەوتنی مەزنە و کەس پێش ترەمپ نەیتوانیوە ئەو کارە بکات.

3. پۆپۆلیستی

ترەمپ بەزمانی جەماوەری و پۆپۆلیستانە قسە دەکات و گوێ بەئەتەکێت و پرۆتۆکۆڵی دیپلۆماسی نادات و کەسێکە قسەکانی لە جددی ناچن، پێناچێت ئەو شتانەی دەیانڵێت لە دەمی کەسایەتییەکی گەورەی سیاسی و سەرۆکی وڵاتێکی وەك ئەمریکاوە بێتە دەرەوە. بۆیە زۆرجار قسە و پۆستی پێچەوانەی دژ بەیەک دەکات.

ترەمپ بەگوتاری پۆپۆلیستی توانی دووخولی سەرۆکایەتی ئەمریکا بباتەوە، بە بەرزکردنەوەی دروشمی (AMERICA FIRST) ئەمریکا یەکەمجار، بەڵام زۆرینەی رەخنەگرانیی سیاسی باس لەوەدەکەن کە ترەمپ ئەم دروشمەی بۆ ترەمپ یەکەمجار گۆڕیوە، چونکە ئەو سەرنجی تەواوەتیی لەسەر سەرکردایەتیی خۆیەتی و بەرژەوەندیی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەیی تێکەڵ کردووە و خۆشی وەك باشترین سەرکردەی ئەمەریکییەکان ناودەبات، بەردەوام لە هەوڵی تێکدانی وێنەی سەرۆکەکانی پێش خۆیدایە بەتایبەت جۆ بایدن کە بە (SLEEPY JOE) بایدنی خەواڵوو ناوی دەبات و ئۆباماش بە خراپترین سەرۆك لە مێژووی ئەمریکا دەناسێنێت.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە پۆپۆلیستییەکەی لە کەسایەتیی ترەمپدا هەیە ئەوەیە لە هەڵمەتەکانیە هەڵبژاردندا بەردەوام بەڵێنیدەدا کە (زەلکاوەکە پاك بکاتەوە) و دەیوت حکومەتی ئەمریکا و واشنتۆن بەدەست گروپێك لە گەندەڵکارانەوە کۆنترۆڵکراوە و خۆی وەك کەسایەتییەکی دەرەوەی ئەم گەندەڵکارییە دەناساند کە دۆخەکە چاك دەکاتەوە.

یەکێکی دیکە لە دروشم و کارەکانی ترەمپ دانانی سنورێك بوو بۆ چوونی کۆچبەر بۆ ئەمریکا بەتایبەت لە مەکسیکەوە بەجۆرێك باسی دۆخەکە دەکات کە ئەم کۆچبەرانە ژیانیان لە ئەمریکا تێکداوە و ئەم دێت و ئەمریکییەکان لەو مەترسییە رزگار دەکات.

4. زۆرترین فشار

یەکێکی تر لە بنەماکانی ترەمپ بریتییە لە "زۆرترین فشار" لە بەرامبەرەکەت تا ناچاری رێککەوتن یان ملکەچی دەکەیت. رەنگە باشترین نموونە کشانەوە بێت لە رێککەوتنی ئەتۆمی ئێران، ترەمپ پێوابوو کە "رێکەوتنێکی خراپە" و پێویستە رێکەوتنێکی نوێ ئەنجام بدرێت، بۆ فشار خستنەسەر ئێران کشایەوە.

بۆ ئەوەی زۆرترین فشار بخاتە سەر چین، ترەمپ سیاسەتی سەپاندنی باج و تەعریفەی گومرگی بەسەردا سەپاند. رێژەی تەعریفەی گومرگی بەسەر شمەکی چیندا زیاد بکات بۆ لە ٪100.

5. مامەڵەی گەورە

لەکتێبی هونەری رێککەوتنەکەدا، ترەمپ جەخت لەوەدەکاتەوە کە پێویستە مامەڵە لەگەڵ کەسانی گەورە بکەیت Deal With The Top نەك بچوك، بەواتەیەکی تر "مامەڵەی گەورە" بکە نەک "مامەڵەی بچووک". لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا، ترەمپ هەمیشە هەوڵی داوە خۆی وەک "مامەڵەکاری گەورە" پیشان بدات، دیارترین نموونەش هەوڵدانی بوو بۆ رێککەوتن لەگەڵ رووسیا، هەروەها لە تێرمی یەکەمی سەرۆکایەتی ترەمپ هیواداربوو لەگەڵ کیم جۆنگ ئون سەرۆکی کۆریای باکووردا رێککەوتنێکی مێژوویی واژو بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

بەهەمان شێوە، پێوایە پێویستە مرۆڤ گەورە بیربکاتەوە Think Big لەم بارەیەوە ترەمپ دەڵێت "ئەگەر بڕیارە بیربکەیتەوە ئەوا گەورە بیر بکەرەوە، زۆربەی خەڵک بیر لەشتی بچووک دەکەنەوە، چونکە زۆربەی خەڵک لە سەرکەوتن دەترسن لە بڕیاردان دەترسن لە بردنەوە ئەترسن".

6. بەکارهێنانی میدیا

یەکێکی تر لە رێساکانی ترەمپ ئەوەیە کە پێویستە بە بەهێزی لە میدیا دەرکەوێت و راگەیاندنەکان لە بەرژەوندی خۆت بەکاربهێنیت. لەم بارەیەوە دەڵێت: دەبێت وێنەیەکی بەهێز دروست بکەیت نەک لەسەر بنەمای دەستکەوتە ڕاستەقینەکانت، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەوەی کە خەڵک چۆن دەتبینن. بەواتایەکی تر گرنگ نییە لە واقعدا سەرکەوتووی یان نا، گرنگ ئەوەیە خۆت بەسەرکەوتوو نیشان بدەیت و خەڵکیش وا بتبینن.

ترەمپ بە شێوەیەکی بەرفراوان سۆشیال میدیا بەکاردەهێنێت بۆ ئاڕاستەکردنی پەیامەکان بۆ گەلی ئەمریکا و جیهان. زۆرجار ترەمپ هەڵای میدیایی لە سەرهەندێک بابەت دروست دەکات بۆ ئەوەی لەسەنتەردا بمێنێتەوە و ڕایگشتی لە بەرژەوەندی خۆی راکێشیت و میدیا لە ژێر کۆنترۆڵدا بمێنێتەوە.

ترەمپ بەردەوام لەکاتی لێدوانە فەرمییە رۆژنامەوانییەکانیدا هەوڵدەدات پەیامنێر و ئەو رۆژنامەنووسانە بشکێنێتەوە کە سیاسیەتی کاری دەزگاکەیان دژی سیاسەتەکانییەتی، لە رابردوودا چەندین جار ئەو کارەی کردووە و هەر پرسیارێکی بەدڵ نەبێت بە رۆژنامەنووسەکە دەڵێت: تۆ لە میدیایەکی چەواشەکار کار دەکەیت و تا ئاستی شەخسیش سوکایەتیی بە میدیاکاران دەکات.

لەم ئیدارە نوێیەی ترەمپدا، شتێکی جیاواز بەدیدەکرێت ئەویش بەکارهێنانی پلاتفۆرمی (Truth Social) کە خۆی تایبەت بە خۆی دروستی کردووە، ئەم پلاتفۆرمە مێژووی دروستکردنەکەی بۆ دوای رووداوی هەڵکوتانەسەر بینای کاپیتۆڵ دەگەڕێتەوە لە 6/1/2021 کاتێك بەکارهێنانی (تویتەر، فەیسبووك، ئینستاگرام) لە ترەمپ قەدەغەکرا، ئێستا ئەو پێگەیە بووەتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ بڵاوکردنەوەی لێدوانە زۆر گرنگەکانی ترەمپ.

7. متمانەی رادەبەدەر

ترەمپ متمانەیەکی گەورەی بە خۆی هەیە و متمانەی بە هیچ کەسێکی دیکە نییە، بەتەواوەتیی پشتی بە بیرکردنەوەکانی خۆی بەستووە و پێی وایە زۆر باش شارەزای سیستمی سیاسی ئەمریکا و خودی ئەمریکییەکانە.
ئیلیۆت ئەبرامز کە پارێزەرە و لە چەند ئیدارەیەکی رابردووی ئەمریکا و ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ کاری کردووە دەڵێت لەکاتێکدا ترەمپ بەرامبەر جۆ بایدن لە خولی دووەمی سەرۆکایەتییدا دۆڕا، هەموو جیهان پێی وابوو کە کۆتایی بە ترەمپ هاتووە و جارێکی دیکە نە دەبێتەوە بە سەرۆك و نە ناوی دەبیسترێتەوە، بەڵام ئەو پێچەوانەکەی دەوت و بەردەوام دڵنیابوو لەوەی جارێکی دیکە دەسەڵات دەگرێتەوە دەست، ئەو کارەی کرد و مێژوویەکی دەگمەنی لە وڵاتەکە دووبارە کردەوە.
ئەو خۆی بەوە نابینێت کە کار بۆخۆی دەکات، پێی وایە کارێك دەکات کە سیاسییەکانی پێش خۆی توانای چارەسەرکردنیان نەبووە، چونکە لەوە لاوازتر بون لە کێشەکە تێبگەن و چارەسەری بکەن.

8. وەلائی تەواویی

ترەمپ لە پێکهێنانی تیمیی ئیدارەکەیدا مەرجی وەلائی تەواوەتی داناوە، بەو مانایەی ئەوانەی لە چواردەوری کاردەکەن هەمووان بەردەوام هاوڕای بیروبۆچوونەکانی بن و دژی نەوەستنەوە. تیمێکی شەخسی بۆ کارەکانی داناوە و تیمێکە دەگمەن رای جیاوازی لە رای ترەمپ تێدا دروست دەبێت. تەواو پێچەوانەی خولی یەکەمی سەرۆکایەتی ترمپ کە زۆر لە ستافەکەی کەسایەتی بەهێزی کۆمارییەکان بوون و زۆربەیان وازیهێنا یاخۆد دەرکران.

9. پرۆسەی بڕیاردان

ترەمپ شێوازی بڕیاردانی ئەمریکاشی بەپێی بیرکردنەوەکانی خۆی گۆڕیوە، بەجۆرێك پرۆسەی بڕیاردانی لە خوارەوە بۆ سەرەوە گۆڕیوە بۆ لەسەرەوە بۆ خوارەوە، بەو واتایەی لەجێی ئەوەی لێکۆڵینەوەی ورد و لایەنە باش و خراپەکانی هەر بڕیارێك لێکۆڵینەوەیان تێدا بکرێت و بخرێنە بەردەم سەرۆك بۆ بڕیاردان، شتەکە پێچەوانە بووەتەوە و ترەمپ بێ هیچ لێکۆڵینەوەیەك بڕیار دەدات و جێبەجێیان دەکات.

ئەم بازرگان و کەسایەتییە سیاسییە بۆ جێبەجێکردنی بیروبۆچوونەکانی خۆی، پێکهێنانی ئەم ئیدارەیەی لەگەڵ ئیدارەی پێشووی تەواو جیاوازە، ئەمجارە دڵنیاییە تەنها چوار ساڵی سەرۆکایەتیی لەبەردەستدایە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی دەیەوێت بیانکات بۆیە هەرچی پێ ڕاستە و دەیەوێت دەیکات، بۆی گرنگ نییە ئەو بڕیارانەی دەیدات لە 10 ساڵی داهاتوودا لێکەوتەکانی چی دەبێت و زیاتر وەك بازرگان و سەرمایەدارێك تەماشای جیهان دەکات، نەك وەك سەرۆکی یەکێك لە گەورەترین وڵاتەکان.

10. لەڕووی دەروونییەوە

جاستن فرانك، پسپۆڕی دەروونییە و یەکێك بووە لەو پزیشکانەی کە شیکاریی بۆ لایەنی دەروونی و کەسایەتی ترەمپ کردووە، ئەو باس لە ژیانی منداڵی ترەمپ دەکات و ئەوە ئاشکرا دەکات کە ترەمپ باوکێکی توندوتیژی هەبووە و لەو باوکانە بووە کە لە منداڵەکانی داوە، بینینی ئەم دیمەنانە و گەورەبوونی ترەمپ لەو خێزانەدا نەیکردووە بە قوربانیی دەستی باوکی هاوشێوەی براکانی دیکەی، بەڵکو ترەمپی کردووەتە وێنەیەکی هاوشێوەی باوکی و بەجۆرێك گەورە بووە کە چیتر خێزانەکەی لەڕووی توندوتیژی ترەمپەوە نەیانتوانیوە جڵەوی بکەن، هەربۆیە ناردویانەتە قوتابخانەی سەربازیی، بەڵام سیفاتی توندوتیژی لە ترەمپدا کۆتایی نەهاتووە و بەردەوام تا ئێستا لەگەڵیدایە.

ئەو پزیشکە دەروونییە ئەوەی ئاشکرا کردووە کە ترەمپ کەسێك نییە بتوانرێت بە ئاسانی لەگەڵی هەڵبکەیت، کەسێکی خۆسەپێن و شکێنەرەوەیە کە هەمیشە دەیەوێت خۆی فەرز بکات، لە ڕووی دەروونییشەوە کێشەی شڵەژانی دەروونی هەیە(ADHD) هەربۆیە قورسە ئەم کەسایەتییە کۆنترۆڵ بکرێت.

بەگوێرەی وتەی ئەو پسپۆڕە دەروونییە دۆناڵد ترەمپ وەك سەرۆك بڕیارەکان لەسەر بنەمای هەستەکانی دەردەکات و بەردەوام گومانی لە خەڵك و کەسانی چواردەوری هەیە، هەوڵدەدات بەردەوام بە پێکەنین و ڕەفتاری هاوڕێیانە بیشارێتەوە، بەڵام لە ناخییەوە کەسێکی توڕە و ترساوە. بڕیارەکانی لەسەر بنەمای گومان لە خەڵك و سەپاندنی خۆیەتی کە ئەو بەهێزترینە و بە دەسەڵاتترینە لە ژورەکەدا.

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی
مؤسسة رؤية للدراسات الاستراتيجية
Vision Foundation for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq